# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

راپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ٢٧ (١٠– ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ١٠- ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەو ڕاپۆرتە دانراون چیتر دەقیق نابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




- زیاتر لە ٢٠٠٠ ئاوارەی تازە گەیشتوو بۆ خێوەتگەی عەربەت، خۆراك و ڕەشماڵەکان و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان بۆیان دابین کراوە لە کەش و هەوا و بارودۆخەکانی سەرمای زستان. خێوەتگەکە ئێستا لە توانای خۆی زیاترە، بەڵام بۆ شوێنی زیاتر پلانی بۆ دانراوە.
- دوو نێردەی فرە ئاژانس کۆمەکیان گەیاند بۆ ٥٠٠ خێزان لە زلوعیە، سەلاحەددین لە دوای ٧ مانگ لە گەمارۆی داعش.
- زیاتر لە ٨٠٠ خێزان لە قەزای مەخمور ئاوارەبوون لە باشوری پارێزگای هەولێر.
- دابەشکردنەکانی نەوت لە هەولێر دەستی پێکرد، هەرچەندە هێشتا بەش ناکات بۆ پڕکردنەوەی تەواوی پێویستیەکان.
- هاوکارانی پاراستن نیگەرانن سەبارەت بە ڕاپۆرتەکان لەبارەی بەسەربازیکردنی بەناچاری لە ناوچەکانی کە داعش دەستی بەسەر داگرتووە.

## تێڕوانینێکی بارودۆخەکە

زیاتر لە ٣٤٠ خێزان ئاوارەبوون بەهۆی شەڕوشۆڕەوە لە پارێزگای سەڵاحەددین و گەیشتوونەتە خێوتگەی ئاوارەی ناوەخۆیی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا. ئەوان هەموویان هاوکاری فریاگوزاری پارەی کاشیان بۆ دابین کرابوو، تۆمارکرابوون و زانیاری بەشداری پێکرابوو لە نێوان هاوکاران. هاوکارانی مرۆیی هاوکاری ئاوارە تازە گەیشتووەکانیان کردووە لەگەڵ هاتنەخوارەوەی پلەکانی گەرما بۆ ژێر سفر. زیاتر لە ٨٧٠ خەڵك بەشە خۆراکی بەپەلەیان وەرگرتووە لە ڕۆژی ١٠ی کانوونی دووەم، ٢٤ کاتژمێر لە دوای گەیشتنیان بۆ خێوەتگەکە. هەروەها ئەوان ڕەشماڵەکان و کەل و پەلە پێداویستیەکانی ناو ماڵ و نەوت و پێداویستی چێشتلێنان و بەتانیەکان و هەروەها پێداویستی پاك و خاوێنی گالۆنەکان بۆ ئاو و جل و بەرگی زستان بۆ منداڵانی تازە لە دایك بوو و منداڵان دابین کردبوو. دابەشکردنی خۆراکی گشتی (سەلەی خۆراکی خێزانی) بۆ ئەم مانگە پلانی بۆ دانرابوو تاوەکو دەست پێبکات لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەم بۆ هەموو ئاوارەکانی خێوەتگەی عەربەت لەگەڵ کاری سەرەکی یەکەم کە دراوە بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکانی کە تازە گەیشتوون.

خێوەتگەی ئاوارە ناوەخۆییەکانی عەربەت لە سلێمانی لە ئێستادا زیاترە لە توانای خۆی بە ١٢٥٠ خێزان (٢٥٠ خێزان لەودیوی توانای پلان بۆدانراوی بنچینەیە). گرووپی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی پێشتر ئەوەی ئاگادارکردبۆوە کە ئاسانکاریەکانی ناو خێوەتگەکە بەشی نەدەکرد بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکان. نەبوونی ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی لە کەرتە نوێیەکانی خێوەتگەی ئاوارە ناوەخۆییەکانی عەربەت نیگەرانیەکانی پاراستن بەرزدەکاتەوە بۆ هاوڵاتیانی ڕەگەزی مێ بە تایبەتی، کە داوایان لێدەکرێت مەودایەکی دوور بەپێ بڕۆن لە شوێن نیشتەجێکانیانەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، "ئەو دیوی قەیرانەکە ببینە" لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە

هاوکارانی پاراستن و پاراستنی منداڵ هەڵسەنگاندنە خێراکانیان جێبەجێ کردووە لەسەر پێویستیە تایبەتیەکانی پاراستنی ئاوارە ناوەخۆییە تازە گەیشتووەکان بۆ خێوەتگەی عەربەت، دەست نیشان کردنی ژمارەیەك لە کەسەکان کە پێویستی تایبەتیان هەیە بە ڕەوانەکردنەکان و خزمەتگوزاریەکان. بۆشاییەکانی پاراستنی گشتی گروپەکە دووچاری بۆتەوە لەوانە هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بۆ منداڵان. هەروەها پێویستیەکی جەخت لەسەرکراوە بۆ جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنێك بۆ پێویستیەکانی پەروەردە و ژینگەکانی منداڵان لە شوێنە نوێیەکان و کەرتەکان لە خێوەتگەی عەربەت.

دەسەڵاتدارانی سلێمانی ٢٥٠٠٠٠ زەوی مەتری چوارگۆشەیان تەرخان کردووە بۆ خێوەتگەی ئاوارەی ناوەخۆیی فراوانکراوی نزیك خێوەتگەی پەنابەرانی عەربەت. هەرچەندە، ڕاپۆرت کراوە کەوا ئامادەکاری بۆ پارچە زەویەکە بۆ بنیاتنانی خێوەتگەکە دوو مانگ دەخایەنێت.

لە ڕۆژی ١٠ی کانوونی دووەم، شەپۆلێکی تری ئاوارەبوونی ئاوارەناوەخۆییەکان ڕوویدا لە قەزاکانی مەخمور، گەیارە و گوندەکانی دەوروبەر، بۆ قەزای بچووکی دیبەگە لە پارێزگای هەولێر. ئێستا نزیکەی ٨٨٠ خێزان لە مزگەوتەکان و لە هۆڵێکی بۆنەکان لە دیبەگە لە بارودۆخە زۆر بەرەنگاریەکانن. خێزانانی ئاوارەبوو ڕاپۆرت دەکەن کەوا خێزانی زیاتر لە ڕێگادابوون، ئەگەری نزیکەی ٨٠٠ خێزانی تر. نێردەیەکی هەڵسەنگاندنی هاوبەش کەم و کورییەکی لە کەل و پەلە سەرەکیەکان و خزمەتگوزاریەکان دۆزیەوە لەوانە خۆراك و ئاو و خاوێنکردنەوە و ئاسانکاریە پزیشکیەکان بۆ ئاوارە نوێیەکان و پاراستن و خۆراك وهاوکارانی تەندروستی جولەیان پێکراوە بۆ دابین کردنی بەهاناوەهاتنێکی کاتی. هاوکارانی حکومی و مرۆیی نەوت و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و خۆراکیان دابین کردووە.

لەدوای حەوت مانگ لە گەمارۆی سەر زلوعیە، لە پارێزگای سەلاحەددین، شارۆچکە بچووکەکەی کە ئازادکرابوو و گەمارۆکەی شکێندرابوو لە کۆتایی مانگی دیسەمبەر. بە سەدان خانوو تێکشکێندرابوون و بە هەزاران خەڵك ئاوارەببوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەدان خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی ئاوارەبوون لە گوندەکانی نزیك لەو شوێنە. کەم و کوڕیەکان لە خۆراك و دەرمانەکان و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان ڕاپۆرت کرابوون. دووبارە بەدەستهێنانی چوونە ژوورەوە بۆ ناو پارێزگای سەلاحەددین بۆ یەکەم جار لەوەتەی مانگی ئەیلول، هاوکاران توانیبوویان بەخێرایی وەڵام بدەنەوە بۆ بانگەشەی هاوکاری. یەکەم نێردەی فرە ئاژانس لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم بۆ زلوعیە کە کەل و پەلەکانی ناوماڵیان گەیاندووە)، لەوانە ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی بۆ ٢٠٠ لە سەرۆك خێزانە زۆر هەژارەکان.هەروەها پێنج کەل و پەلی تەندروستی بۆ سەنتەری تەندروستی. دووەم دابەشکردنی کەل و پەلی ناوماڵ، لە ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەم، هاوکاری ٣٠٠ خێزانی کرد بە پێدانی ٣٠٠ پێداویستی کەل و پەلی ناوماڵ، بەشە خۆراکی بەپەلەی زیاتر و دەستەکانی بوتڵی ئاو. هاوکاران بەشە خۆراکی بەپەلەیان بۆ نزیکەی ٢٥٠٠ خەڵك لە زلوعیە دابەش کرد.

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر، دەستی کردووە بە دابەش کردنی نەوت لەهەولێر. لە کاتی ئێستادا ئەوان ٥٠ لیتر بۆ هەر خێزانێك دابەش دەکەن، بەدەست پێکردن لەگەڵ ئەوانەی کە لە شوێن نیشتەجێبوونە نافەرمیەکان دان، ئەوانەی کە زۆر هەژارن بۆ بارودۆخەکانی قورسی زستان.

چاودێرانی پاراستن لە کەرکوك ڕاپۆرتیان کردووە لە ڕۆژی ١١ی کانوونی دووەم کەوا هێزەکانی داعش ڕێیان لە خێزانە ئاوارەکان گرتووە لە سەلاحەددین کە لە ڕێگادابوون لە ڕیاز بەرەو کەرکوك. داعش پیاوە گەنجەکانی لە خێزانەکانیان جیاکردەوە و ڕاپۆرتکراوە کە بەناچاری وەکو سەرباز هێناویانن بۆ ڕێزەکانی خۆیان بۆ ئەوەی شەڕ بکەن لەگەڵ ئەوان لەپێناو 'خەلافەتەکە'. هەروەها ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندنیش پێشنیاز دەکەن کەوا داعش بەزۆری پیاوانی گەنج دێنێتە ناو ریزەکانی خۆی لە موسڵ بۆ ئەمن و ئاسایشی شارەکە و ناردنیان بۆ هێڵەکانی پێشەوە.

لە دهۆك، کۆی دانیشتوانانی خێوەتگە لە ئێستادا بریتی یە لە تەنها لەسەدا ٦٠ی کۆی توانا. هەرچەندە، هەندێ خێزانی گەورە دوو ڕەشماڵیان وەرگرتووە، کەواتە توانای ڕاستەقینە لەوانیە کەمتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا بۆشایی هەیە لە خێوەتگەی مەمیلان بۆ خێزانەکانی کە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکانن و ڕۆیشتنیان هەڵبژاردووە. لە زیاتر لە ٦٠٠ شوێن نیشتەجێبوونی نافەرمی کە نەخشەی بۆ دانراوە لە دهۆك لەلایەن ڕێکخراوی (REACH) لە ساڵی ٢٠١٤، زیاتر لە نیوەی ئەو شوێنانە لە ئێستادا بەتاڵ کراون هەروەك ئاوارە ناوەخۆییەکان جولەیان کردووە بەرەو خێوەتگەکان. دەسەڵاتداران هانی هاوکارانی مرۆیی نادەن لە جێبەجێ کردنی دابەش کردنی پارەی کاش بۆ ئەو ناوچانە (باڵەخانە تەواونەکراوەکان)، هەروەك ئەوان دەیانەوێت هانی خەڵك بدەن لە جولەکردن بۆ خێوەتگەکان لەو شوێنەی کە ئەوان دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاری باشتر.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی پاك و خاوێنی و خاوێنکردنەوە

پێویستیەکان:

- کەل و پەلە ناخۆراکیەکان بریتین لە پێویستی سەرەکی بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان لە زلوعیە (لە پارێزگای سەلاحەددین) لەدوای حەوت مانگ لە گەمارۆی داعش.
- کەل و پەلی پێداویستی وەرزی زستانەی زیاتر داوا دەکرێت بۆ پارێزگاکان لە کاتی ئێستادا لێشاوی نوێ ی ئاوارە ناوەخۆییەکان وەردەگرێت (هەروەك لە کەرکوك).

وەڵامدانەوە:

- **نەوت:** دابەش کردنی نەوت بەردەوامی هەیە. حکومەت نەوتی بۆ ٢٤٢٤٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی دابەش کردووە، کە دەستی دەگات بە نزیکەی لەسەدا ٧ی کۆی ژمارەی خێزانانی ئاوارەی ناوەخۆیی لەسەرتاسەری عێراق، کە بریتی یە لە ٢١٤٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە پارێزگاکانی باشور (لە موثنی و قادسیە و زیقار)، زیاتر لە ٦٤٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست لەوانە (بابل و بەغداو دیالە و نەجەف و واسیت) و زیاتر لە ١٥٧٠٠ خێزانی ئاوارە ناوەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە دهۆك. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکارانی گروپەکان نەوتیان بۆ ٣٤٧٥٠ خێزان دابەش کردووە، بە دەست گەیشتن بە لەسەدا ١٠ی کۆی ژمارەی خێزانانی ئاوارەی ناوەخۆیی لەسەرتاسەری عێراق، کە بریتی یە لە ١٠٠٥٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست لەوانە (دیالە و کەرکوك) و زیاتر لە ٢٤٧٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق (لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی). تێبینی دەکات کە ئەو ژمارانە کۆکراونەتەوە و لەوانە لە هەفتەکانی پێشوو.

- **کەل و پەلە ناخۆراکیەکان:** هاوکاران کەل و پەلەکانی وەرزی زستانەیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و لە باشور و ناوەڕاستی عێراق دابەش کردووە بۆ ئافرەتانی دووگیان، و منداڵە تازە لەدایك بووەکان و ئافرەتانی کە تەمەنی دووگیانیان هەیە، لەوانە زیاتر لە ٤٠٠٠٠ کەل و پەلی پێداویستی ئافرەتان، ٥٠٠ دەستەی جل و بەرگی زستانە بۆ منداڵی ساوا و جل و بەرگی گەرم، زیاتر لە ١٠٠٠٠ دشداشە بۆ ئافرەتان و زیاتر لە ٢٠٠٠٠ پێداویستی کەل و پەلی خاوێن بۆ ئافرەتانی دووگیان (تەندروستی). دابەش کردنی ئەو کەل و پەلانە بەردەوامیان هەیە لە زیاتر لە حەوت پارێزگا.

- **شوێنی نیشتەجێبوون:**

  - هاوکارانی گروپەکە پلان دادەنێن بۆ چەسپ کردنی زیاتر لە ٩٥٠ شوێن نیشتەجێبوونی فابریکی لە چەندین شوێن لەسەرتاسەری پارێزگای هەولێر (لە خێوەتگەی هەرشەم، خێوەتگەی بەحرکە، خێوەگەی شەقلاوە و ئەوانی تر).

  - ڕەشماڵەکان لە خێوەتگەکانی هەرشەم و بەحرکە (لە پارێزگای هەولێر) جێگۆڕکێیان پێکراوە لەگەڵ یەکە فابریکیەکان کە لەلایەن تایوان بەخشراوە (کۆماری چین).

  - بەرەوپێشوەچوونی تەواوی یەکەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و بنیاتنان و لە چوار پارێزگاکەی باشور لە سەدا ٧٧ی تەواو بووە، کە برەکەی بۆ پڕکردنەوەی ٢٧٠ شوێنی نیشتەجێبوون نۆژەن کراوەتەوە لە کۆی زیاتر لە ٣٥٠ شوێن نیشتەجێبوونی پلان بۆ دانراو. لە پارێزگای بەسرە، ٩٥ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوون پلانیان بۆ دانراوە، لەگەڵ ٩٠یان تەواو کراون. ئەو ٥ یەکەیەی کە دەمێنێتەوە لە بەرەوپێشوەچوون دان و پێشبینی دەکرێن کەوا تەواو بکرێن لە کۆتایی هەفتەی داهاتوودا. لە پارێزگای موثنی، زیاتر لە ٣٠ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوون نۆژەنکراونەتەوە، بەمەش برەکەی دەگاتە لەسەدا ٦٥ی کۆی ئامانجی زیاتر لە ٥٠ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوون. کارکردن تێیاندا بەردەوامی هەیە و تەواو دەکرێن لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم. لە پارێزگای زیقار، زیاتر لە ٤٠ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوون تەواوکراون لە کۆی زیاتر لە ٥٠ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوونی پلان بۆ دانراو، لەو کاتەی کارکردن بۆ ئەوانەی کە ماونەتەوە بۆ زیاتر لە ١٠ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەنگاوی جۆراوجۆری جێبەجێکردن دان و تەواودەکرێن لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم. لە پارێزگای قادسیە، نۆژەنکردنەوەی زیاتر لە ١٠٠ شوێنی نیشتەجێبوون لە کۆی ئامانجی زیاتر لە ١٤٠ یەکەی شوێنی نیشتەجێبوون تەواو کراون، لەوکاتەی ئەو کارەی کە دەمێنێتەوە ئەویش تەواو دەکرێت لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ئەنجومەنی پەنابەری هەولێر پرسیاری لە خانەی فریاگوزاری لە بەغدا کردووە بۆ زیادکردنی بری نەوت بۆ هەر خێزانێك لە ئامانجی ئێستا بۆ ٥٠ لیتری نەوت.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

**وەڵامدانەوە:**

- هاوکارانی مرۆیی بەشە خۆراکی بەپەلەیان بۆ زیاتر لە ١١٤٠ خەڵکی ئاوارە لە پارێزگای موثنی دابەش کردووە کە ئاوارەبوون بۆهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ڕۆژئاوای عێراق.

- پلانەکانی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی بۆ زیاتر لە ١,٣ ملیۆن خەڵك بە پێدانی بەشە خۆراك و زیاتر لە ٣٤٠٠٠٠ خەڵك پسولەکان بۆ مانگی کانوونی دووەم. پرۆژەیەکی پسولەی خۆراکی ڕێکخراوێکی ناحکومی هاوکاری کردووە بە پێدانی پێویستیەکانی خۆراکی بەپەلە بۆ زیاتر لە ٧٧٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی لە نزیکەی ١٠٢٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی (١٧٠٠٠ خێزان) ئێستا لە خێوەتگە جۆراوجۆرەکان دەژین لە پارێزگای هەولێرلە سێ قەزاکەی سۆران و شەقڵاوە و هەولێر.

- دابەش کردنی مریشکەکان لە موسڵ و دهۆك و هەولێر و سەلاحەددین کۆتایی هاتووە بە پڕکردنەوەی پێویستیەکانی زیاتر لە ٢٨٠٠ خێزان. خۆراکی ئاژەڵانیش بۆ ٧٥٠٠ خێزان دابەش کراوە.

- پارەی کاش بۆ چالاکیەکانی ئیش و کار لە پارێزگای دیالە سوودی بە ١٠٥٠ سوودمەند گەیاندووە (لەوانە نزیکەی ٣٠٠ ئافرەت) کاردەکەن لە ئیشی کرێکاری چڕوپڕ بۆ نۆژنکردنەوەی کەناڵەکانی ئاودان، کەناڵەکانی بۆری ئاو، زەویە کێڵگەییەکان و لە چاندنی تۆیەکان لە پەرستاریش.

- هەڵسەنگاندنی خێرای ئەمن و ئاسایشی خۆراك لە پارێزگای ئەنبار بەردەوامی هەیە، لەوانە لە ناوچە ململانییەکان، بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە بارەی تەواوی بارودۆخی ئەمن و ئاسایشی خۆراك هەروەها کاریگەری ئەو قەیرانە لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان و ئاوارە ناوخۆییەکان.

- ۆرکشۆپەکان ئەنجام دراون لە نێوان هاوکارانی گروپی ئەمن و ئاسایشی خۆراك لەسەر ڕەگەز و هێلە ڕێبەریەکانی دابەش کردنی خۆراکی سەلامەت تاوەکو یارمەتی بدات لە کەم کردنەوەی هەر کاریگەریەکی نەرێنی لە بارەی دابەش کردنەکان و بەهێزکردنی ئەگەری کاریگەری ئەرێنی. ئامانجی هێلە ڕێبەریەکان بریتی یە لە دەست نیشانی بنەما هێڵ لە ژێردراوەکان و خستنە شوێنی قەبارەکردنی ئاسان بۆ زیادکردنی ژینگەی پاراستراو بۆ خەڵکی زیان بەرکەوتوو و زیاتر بەرپرسیارتر بێت بۆیان.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

پێویستیەکان:

- هەروەك گروپەکە فراوانکردنی خۆی پتەو دەکات بۆ ناوەڕاست و باشور، توانای بنیاتنان بۆ خێوەتگە و بەڕێوەبەرانی سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارەکان لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کاربەدەستانی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە، بریتی یە لە کارێکی گەورەتر. خێوەتگە و سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارە بۆ چەندین ساڵە لە عێراق هەبوون بەڵام ئەو خێوەتگایانە بەڕێوەبردراون بەبێ ستانداردی هاوتا.

- ژمارەیەك لە شوێن نیشتەجێبوونی نافەرمی هەن لە ناوەڕاست و باشور کە داوای هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان دەکەن و ئەگەر بکرێت هاوکاریش بکرێن. بۆ کۆمەڵگای مرۆیی تاوەکو جولە بکات بۆ بەهاناوەهاتنێکی گشتگیر بۆ شوێن نیشتەجێ نافەرمیەکان کە داوای نەخشە دانان دەکەن بۆ ئەو شوێنانە (ئیش و کار بەردەوامی هەیە).

وەڵامدانەوە:

- ئاوارە تازە گەیشتووەکان لە سەلاحەددینەوە بۆ سلێمانی لە ڕێگەی کەرکوك کۆی خەملاندنی ٢٦٠٠ خەڵك دەبن. هاوکارانی مرۆیی هاوکاریان دابین کردووە بۆ هەموو ئاوارە تازە گەیشتووەکان لە خێوەتگەی عەربەت.

- بنیاتنانی خێوەتگە یان فراوانکردنی لە ڕێگادایە لە هەندێ پارێزگا لەسەرتاسەری وولات. خێوەتگەکان لە عێراق لە کاتی ئێستادا خەملاندنێکی ١٩٠٠٠٠ خەڵك لەخۆ دەگرێت. توانای زیاتر دەبێت ٢٠٠٠٠٠ خەڵکی تر لەخۆ بگرێت بۆ کۆی توانای خێوەتگە لە عێراق بۆ ٣٩٠٠٠٠. چەند مانگێکی دەوێت بۆ هاوکاران پێش ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجە.

    - زیاتر لە ١٣٧٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی لە کاتی ئێستادا لە خێوەتگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەمێننەوە؛ ئامانجی خێوەتگە پلان بۆ دانراوەکان بریتی یە لە زیاتر لە ٢١١٥٠٠ (٦٥ لەسەدای خێوەتگە بەکۆتاهێنراوەکان داگیرکراون، ٥ خێوەتگە لەگەڵ توانایەکی پلان بۆ دانراو بۆ ١٤١٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی کە هێشتا لە ژێر بنیاتناندان لە سلێمانی).

    - زیاتر لە ٥٠٣٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی لە کاتی ئێستادا لە خێوەتگەکان دەمێننەوە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق؛ ئامانجی خێوەتگە پلان بۆ دانراوەکان بریتی یە لە تەنها خوار ١٨٠٠٠٠ (٢٨ لەسەدای خێوەتگە تەواو کراوەکان داگیر کراون، ٦ خێوەتگە لەگەڵ توانایەکی پلان بۆ دانراو لە دەوروبەری ٨٨٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی کە هێشتا لە ژێر بنیاتناندان لە بابل و دیالە و کەربەلا و نەجەف و موسڵ و واسیت).

    - زیاتر لە ١٥٥٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی لە کاتی ئێستادا لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی بەڕێوەبردراو دەمێننەوە لەسەرتاسەری عێراق لەوکاتەی زیاتر لە ١٤١٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی لەکاتی ئێستادا لە خێوەتگە نافەرمیەکان دەمێننەوە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- خێوەتگەکانی هەرشەم و بەحرکە هەردووکیان پڕبوونەتەوە، لەگەڵ لیستە چاوەڕوانکراوەکان. درێژکردنەوەك پلانی بۆ دانراوە بۆ خێوەتگەی بەحرکە کە توانایەکە زیاد دەکات بۆ نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس، بەڵام بنیاتنان هێشتا بەردەوامی هەیە.

- ئاواره تازه گەیشتووەکان بۆ خێوەتگەی ئاوارەکانی عەربەت (پارێزگای سلێمانی) توانای خێوەتگەی زۆر زیاتر کردووه. بۆ دڵنیاکردنەوەی که توانای زیاتر له پارێزگاکه داوای خێراکردنی چالاکیەکانی بنیاتنان دەکات له خێوەتگەکانی که له ژێر بنیاتنان دان، که کۆی هەمووی دەکاته پێنج.

- خێوەتگەکان له هەولێرو دهۆك بەردەوامه له کەم کردنەوەی ستانداردەکانی مرۆیی نێودەوڵەتی بۆ خاوێنکردنەوه و پاك و خاوێنی.

- ئەگەری بۆشاییەکی گەوره هەیه له هاوکاری تەرخانکراوی خزمەتگوزاری له خێوەتگەکان له ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی نارونی له پاڵپشتی کردنی دارایی.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- چاودێرانی پاراستن له کەرکوك بەردەوام بوون له به بەڵگەنامەکردن و پشت ڕاست کردنەوەی ٢٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی که تێبینی کرابوون لەلایەن دەسەڵاتداران تاوەکو شارەکه بەجێ بێڵن له کۆتایی هەفته یان خۆیان تووشی دەرکردنی بەناچاری دەکەنەوه. دەسەڵاتدارانی ناوەخۆیی گوتیان: که ئاواره ناوەخۆییەکان لەسەر پارچه زەوی گشتی زێدەڕۆیی ژیانیان بەسەر بردووه بەڵام ئاواره ناوەخۆییەکان دەڵێن که ئەوان خاوەندارێتی یاساییان هەیه بۆ ئەو خانووه کێشه لەسەرانە. هەڕەشەکان یان دەرکردنه بەناچاریەکان لەوانەیه ببێتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر، زیادکردنی هەژاری، بەرکەوتن به بارودۆخەکانی کەش و هەوای قورس و مەترسیەکانی تری پاراستن، لەوانه پچڕاندنی پەروەردە و لەدەستدانی ژیان و گوزەران و هەڵقۆستنەوەیان.

- خێزانه ئاوارەکان بەردەوامن له گەیشتن بۆ خانەقین له قەزای موقدادیەوه (له پارێزگای دیاله) بەهۆی پلانەکانی ئۆپەراسیۆنێکی لەشکری عێراقی ڕاپۆرتکراو. کەل و پەلەکانی ناوماڵ و ڕەشماڵەکان پێویست دەبن بۆ ئەو خێزانانه و هەڵسەنگاندنێکی خێرای پێویستیەکان ئامادە دەکرێت بۆ ئەم مەبەسته.

- له پارێزگاکانی باشوری عێراق، پرۆسەی تۆمارکردنی ئاواره ناوەخۆییه نوێیەکان لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بەردەوامی هەیه. تێکرایەکی ٢٠ خێزانی گەیشتوو له پێنج پارێزگای باشور ڕۆژانه، زۆربەیان له موسڵ و سەلاحەددین و کەرکوکەوە دێن.

وەڵامدانەوە:

- له ڕێگەی بەردەوامی چاودێریکردنی پاراستن، هەڵسەنگاندنەکانی پێویستیەکانی پاراستن که ٨٣٣٠٠٠ کەسی گرتوته خۆی که دەکاته (نزیکەی ١٣٩٠٠٠ خێزان) لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤. لەو ژمارانه، ٢١٨٠٠ حاڵەت ڕەزامەندیان لەسەر دراوه بۆ هاوکاری کردنی پارەی کاش، زیاتر له ٤٨٣٠٠ خەڵك هاوکاری یاساییان وەرگرتووه، و ڕەوانەکردنەکان ئەنجام دراون بۆ ١٩٢٠٠ کەس به پێدانی پێویستیه تایبەتیەکان.

- وەکو قەبارەیەکی دەستپێشخەری بۆ ئاواره ناوەخۆییەکان له کەرکوك که مەترسی دەرکردنیان لێ دەکرێت، نووسینگەی سەرۆکی یونامی له کەرکوك نامەیەکی نارد بۆ پارێزگاری کەرکوك تیایدا داوای هەڵپەساردنی ئۆپەراسیۆنی دەرکردن دەکات لەسەر بنچینه مرۆییەکان.

- به درێژایی ماوەی ڕاپۆرتکردنەکە، تیمەکان له پارێزگای سلێمانی زیاتر له ١٥٠٠ خێزانیان تۆمارکردووه.

- بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٤، هاوکارانی پاراستنی منداڵ له عێراق دەستی گەیشتوته کۆی زیاتر له ٤٤٠٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوەخۆیی (زیاتر له ٢٣٦٠٠ کوڕ، و ٢٠٣٠٠ کچ). لەو ژمارانه، لەسەدا ٣٨یان له خێوەتگەکان ژیانیان بەسەربردووه و لەسەدا ٦٢یان له دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگەکان ژیانیان بەسەربردووه. ئەمەش تیایدا لەوانه:
  - خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ زیاتر له ٣٧٣٠٠ منداڵ (زیاتر له ١٧٣٠٠ کچ، زیاتر له ٢٠٠٠٠ کوڕ).
  - هاوکاری بۆ زیاتر له ٤٨٠ منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوه له خێزانیان (زیاتر له ٢٢٠ کچ، زیاتر له ٢٥٠ کوڕ)؛ و
  - هاوکاری پاراستنی تایبەت بۆ زیاترله ٣١٥٠ منداڵ (زیاتر له ١٣٧٠ کچ و زیاتر له ١٧٨٠ کوڕ).

  له مانگی دیسەمبەر، هاوکارانی پاراستنی منداڵ ئەمانەی دابین کردووه:
  - خزمتگوزاریەکانی هاوکاری دەروونی کۆمەلایەتی بۆ زیاتر له ١٧٠٠ منداڵ (زیاتر له ٤٤٠ کچ، زیاتر له ١٢٥٠ کوڕ).
  - هاوکاری بۆ زیاتر له ٩٠ منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوه له خێزانیان (زیاتر له ٣٠ کچ و زیاتر له ٥٠ کوڕ).

○ هاوکاری پاراستنی تایبەت بۆ زیاتر لە ٦٥٠ منداڵ (زیاتر لە ٣١٠ کچ و زیاتر لە ٣٣٠ کوڕ).

لە مانگی دیسەمبەر، هاوکارانی پاراستنی منداڵ بەڕێوەبردنی حاڵەتی ستانداردی ڕێ و شوێنی بە کۆتاهێناوە و دروستە بۆ کارکردن، و خزمەتگوزاریەکی نەخشەدانانی بەکۆتاهێناوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق هەروەها، گروپێکی کارکردنی تەکنیکی لەسەر منداڵانی بێ هاوەڵ و دابڕاو لە خێزانەکانیان دامەزراوە بۆ بەهێزکردن و بەستانداردکردنی بەهاناوەهاتنەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکارانی پاراستنی منداڵ تەنها دەستیان دەگات بە ٤٤٠٠٠ لە کۆی زیاتر لە ٩٨٥٨٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوخۆیی (تەمەنیان لە نێوان ٠ – ١٨ ساڵی دایە) لە عێراق، بەهۆی جۆراوجۆری سنوورداریەکان، لەوانە پاڵپشتیکردنی دارایی.

- تەرخانکردنی پارچە زەوی بۆ خێوەتگەکانی منداڵان (ژینگەکانی منداڵان، چالاکیە پەروەردەییەکان) بە بەرەنگاری دەمێنێتەوە. گروپی کارکردنی پاراستنی منداڵ هەماهەنگی دەکات لەگەڵ گروپی پەروەردە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بانگەشە بۆ تەرخان کردنی ژینگەی تەواو.

- بۆشاییەك هەیە لە دەست گەیشتنی تایبەت بۆ هەرزەکاران و گەنجان کە زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی قەیرانەکە. گروپی کارکردنی پاراستنی منداڵ بانگەشە دەکات بۆ بەهێزکردنی ئەم بابەتە لە ساڵی ٢٠١٥.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- بەگوێرەی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوون، ٩٠٢٠ خێزان (٥٤١٢٠ ئاوارەی ناوخۆیی) نیشتەجێبوون لە ٥٠٠ باڵەخانەی قوتابخانە، زۆربەیان لە ناوەڕاست و باشوری عێراقن. لە پارێزگای ئەنبار و زۆرترین ژمارەی هەیە لەگەڵ زیاتر لە ٣٧٠ قوتابخانە.

- لەسەرتاسەری عێراق، زیاتر لە ١٣٠ قوتابخانە لە کاتی ئێستادا لەلایەن هێزە سەربازیەکان داگیرکراون.

وەڵامدانەوە:

- زیاتر لە ٤٨٠ قوتابخانە، کە پێشتر وەکو شوێنی نیشتەجێبوون بەکارهێنرابوون بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە ناوخۆییەکان، بە چاککردنەوەی بچووك و خاوێنکردنەوە تێپەڕیون. ئەوان دەست گەیشتن بۆ پەروەردە دابین دەکەن بۆ زیاتر لە ١٩٠٠٠٠ منداڵ.

- هاوکارانی گروپەکە هاوکاری دەکەن بۆ زیاتر لە ٦٧٠٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوخۆیی لەسەرتاسەری عێراق بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە پەروەردە، لە کاتی ئێستادا فێربوون لە پۆلە ڕەشماڵیەکان یان لە قوتابخانە فابریکیەکاندایە.

- تاوەکو ئیمرۆ، نزیکەی ٣٠٠٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوخۆیی کاردەکەن لە قوتابخانەکان لە پارێزگای هەولێر.

- زیاترلە ٤٠ پۆلی فابریکی (کەرڤانە) دامەزراون لە قەزای شەقڵاوە و لە خێوەتگەی بەحرکە بۆ فراوانکردنی پرۆگرامەکانی پەروەردەی فەرمی ئێستا بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ قوتابی. گواستنەوەش دابین کراوە بۆ قوتابیانی کە ئامادە دەبن لەو قوتابخانانە.

- مەشقپێکردنی کۆمەڵەکانی مامۆستایانی خێزانی بۆ نۆ قوتابخانە لەسەر پلاندانانی بەرەوپێشوەچوونی قوتابخانە لە پارێزگای هەولێر تەواو کراوە.

- ٢٠٠ منداڵ پەروەردەی نافەرمی وەردەگرن لە خێوەتگەی هەرشەم (پارێزگای هەولێر) لەوکاتەی قوتابخانە نوێیەکە بنیات دەنرێت.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- داواکاریەکی بەردەوام هەیە بۆ ماددەکانی پەروەردە وەکو کورسیەکان و پەرتوکەکان وماددەکانی تری قوتابخانە بۆ دڵنیاکردنەوەی جۆرێتی پەروەردەی سەرەتایی.

## یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەردەوامیدان بە ژیان و گوزەران

پێویستیەکان:

- بارگرژیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان کۆمەڵگا خانەخوێکان، ئاوارە ناوەخۆییەکان (لەسەر هێڵەکانی نەتەوەیی و ئایینی)، پەنابەران و ئەوانەی کە لە دواوە ماونەتەوە ڕوولەزیادبووندان هەروەك بێزاری و تووڕەیی لە ئاوارەبوون لەگەڵ کەمبوونەوەی هاوکاری مرۆیی کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر پێشبینیەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی لە بارەی ژیان وگوزەران. هەروەك ناوچەکانی موسڵ دووبارە لە کۆنترۆڵی داعش وەرگیراونەتەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە گەڕاوەکان پێشبینی دەکرێت؛ ترس هەیە لە تۆڵەکردنەوە لە نێوان ئاوارە گەڕاوەکان و دانیشتوانانی کە لە وێ ماونەتەوە.

- تەنها ۹ لەسەدای سەرۆك خێزانە ئاوارە ناوەخۆییەکان (لە خێوەتگە و لە دەرەوەی خێوەتگە) دەستیان دەگات بە چالاکیەکانی کۆکردنەوەی داهات. لە خێوەتگەکان، ئەم برە جۆراوجۆرە لە نێوان سفر تا ۱۰ لەسەدا لە (هەرێمی کوردستانی عێراق لە خێوەتگەکانی خانکێ و وەرگەی زاخۆ و دێرابوون) بۆ ۳۰ لەسەدا لە (هەرێمی کوردستانی عێراق لە خێوەتگەکانی بەهاری تازە و عەربەت). زۆرینەی سەرۆك خێزانەکان پشت دەبەستن بە تێکەڵەیەك لە بەخشینە خێرخوازیەکان، داهاتەکان و هاوکاری لەلایەن خزمان و نزیکەی ۱۰ لەسەدای سەرۆك خێزانەکان هیچ جۆرێك لە هاوکاریان نیە.

- لە نێوان ٦٠ و ۹۰ لەسەدای خێزانەکان دەچنە ژوورەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ڕاپۆرت دەکەن کە داهاتەکانیان یەکی دەکەوێت لە کەمتر لە مانگێك. زۆر خراپ، نزیکەی ۳۰ لەسەدای ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ڕاپۆرتیان کردووە کە ئەوان ڕێگایان نەبووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە سەرەکیەکان لە هەفتەی ڕابردوودا.

**وەڵامدانەوە:**

- **یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی:** ۲۰۰۰ کەس جولەیان پێکراوە لە زیاتر لە ۱۰ کۆمەڵگا بۆ دروست کردنی زیاتر لە ۳۰ مێزگەرد بۆ گفتوگۆ، بۆ باشترکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئاوارە ناوەخۆییەکان، کۆمەڵگا خانەخوێ و پەنابەرەکان، لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی. پانزە پڕۆژەی سەر بنەمای کۆمەڵگا نەخشەیان بۆ دانرابوو لە دوای ڕاوێژکردنەکان لەگەڵ گروپەکانی کۆمەڵگا.

- **مەشقپێکردن و بنیاتنانی توانا:** هەروەك لە ٦ی کانوونی دووەم، زیاتر لە ٤٨٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی لەسەرتاسەری عێراق مەشقی پیشەییان وەرگرتووە، ۲۰ لەسەدای ئەوانەی کە ئافرەت بوون لەوانە ۱۰۰ کەسی هەژار لە دەرەوەی خێوەتگەی ئاوارە ناوەخۆییەکان، پەنابەران و کۆمەڵگا خانەخوێکان لە کەسنەزان. دراسەیەکی هێڵیکی بنکە جێبجێ کراوە لە خێوەتگەی هەرشەم بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی مەشقی پیشەیی و لەسەر مەشقکردنێکی ئیش و کار بۆ زیاتر لە ۳۰ سوودمەندبوو بۆیان دابین کرابوو.

- **کۆکردنەوەی داهات:** پێشینەی بەشە خۆراکی ژیان و گوزەران بۆ نزیکەی ۳۰۰ سوودمەندبوو، خزمەتگوزاریەکانی پەرەپێدانی ئیش و کار بۆ زیاتر لە ۱۲۰ سوودمەندبوو و دەست گەیشتن بۆ ئینتەرنێت بۆ زیاتر لە ۳۰۰ سوودمەندبوو دابین کراوە. پارەی کاش بۆ ئیش و کار بۆ زیاتر لە ۱۸۰ سوودمەندبوو لە خێوەتگەکانی دهۆك (بێرسڤی ۱ و ۲) هەروەها لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگەکان (لە قەزاکانی زاخۆ و دهۆك).

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی بەڵگەنامەی تەواو ئازادی لە جولانەوەی ئاوارە ناوەخۆییەکان سنوردارددەکات لەناو خودی هەرێمی کوردستانی عێراق و توانایان بۆ بەدەستهێنانی دامەزراندن. زیاتر، ئاوارە ناوەخۆییەکان دووچاری ڕەگەزپەرستی دەبنەوە لە کاری بازاڕ، و پێشبڕکێ ی زۆر لەگەڵ کرێکارانی کۆچبەر.

- بارگرژیەکانی کۆمەڵگا دروست کراون بەهۆی پێشبڕکێ ی ئاوارە ناوەخۆییەکان لەگەڵ کرێکارانی شارەزای ناوەخۆیی و کۆمەڵگای خانەخوێ کە داوای پێدانی مووچەی بەرز دەکەن.

- ڕێگریەکانی کۆمەڵگا لەبارەی کەمانەتەوایەتیەکان کاریگەری دەبێت لەسەر توانای دامەزراندنی ئافرەتان (بەتایبەتی بۆ سەرۆك خێزانە ئافرەتەکان).

- بەهۆی بەردەوامی نەبوونی ئەمن و ئاسایش، هەندێ کۆمەڵگا هەن کە زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی ململانێیەکە کە ناتوانرێت دەستیان پێ بگەیەنرێت.

## کەل و پەلەکان

وەلامدانەوە:

- لە ماوەی ئەم ڕاپۆرت کردنە یەك گەشتی ئاسمانی دەگات.
- چاودێریکردن لە سنوری ئیبراهیم خەلیل لەسەر کاتەکانی پەڕینەوەی گواستنەوە، دواخستنەکان، ڕاگیراوەکان و بارودۆخەکانی سەر شەقام لە مانگی شوبات دست پێدەکات.
- کۆبوونەوە بەردەوامەکانی گروپی کەل و پەل لە دهۆك لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ دەستی پێکردووە.
- بەرپرسێکی سیستەمی زانیاری جوگرافیا لەم مانگە دەگاتە وولات بۆ تەواوکردنی چاڵاکیەکان بۆ دانانی نەخشە لەبارەی نوێکردنەوە و ڕێگریە بەردەوامەکانی کەل و پەل، بارودۆخەکانی شەقام و توانای خەزنکردن. بەرپرسێکی کەل و پەلیش لەم مانگە دەگاتە وولات بۆ دەستپێکردنی نوێکردنەوەی هەڵسەنگاندنی توانای کەل و پەلەکان بۆ عێراق.
- گروپی کەل و پەل، وەکو دابین کارێکی خزمەتگوزاری، مێزگەردەکانی هەماهەنگی کەل و پەلەکان دابین دەکات وەکو ماڵپەڕەکە و کۆبوونەوەکان و نەخشەکان و بەرهەمە زانیاریەکانی تر بۆ بینین سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن.
http://www.logcluster.org/ops/irq14a

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

وەلامدانەوە:

- بەڕێوەبەرانی ڕادیۆی زیاتر دامەزراون بۆ ژووری ڕادیۆی ڕێکخراوی یۆنامی بۆ باشترکردنی بەدواداچوونی ئەمن و ئاسایشی ستاف لەسەر زەوی لەسەر بنەمای ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و ٧ ڕۆژیش لە هەفتەیەکدا.

# هەماهەنگی گشتی

دووەم کۆبوونەوەی هەماهەنگی گشتی لە کەرکوك بەڕێوەچوو لە ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەم لەگەڵ نزیکەی ٤٠ خەڵك ئامادەییان هەبوو لە لایەنی حکومەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەروەها ڕێکخەری گروپی تەندروستی نیشتمانی و ڕێکخەری گروپی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی خوار نیشتمانی. چوار گروپی بچووك لە کەرکوك چاڵاك کراون: کە بریتین لە گروپەکانی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان – شوێنی نیشتەجێبوون، پاراستن و ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی و تەندروستی. ئەوان بانگەشە دەکەن بۆ یەکەم کۆبوونەوەیان لە دوای هەماهەنگی کردن لەگەڵ گروپە نیشتمانیەکان. یەکەم نەخشەی کێ چی دەکات و لە کوێ بۆ کەرکوك دابەش کرابوو و بەباشی وەرگیرابوو لەلایەن کۆبوونەوەکە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بەهەماهەنگی لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لە پرۆسەی نوێکردنەوەی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی سەرەتایی و تۆڕی بەهاناوەهاتن دان بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی، ئەمەش لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ دەردەچێت.

پارێزگای دهۆك دەستەی نوێ ی خۆی بۆ کاروباری کۆمەکی و مرۆیی لەم هەفتەیە ناساند بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کاری ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان بەڕێوە ببەن، بۆ جێگرتنەوەی خانەی فریاگوزاری و 'سەنتەری سیستەمی ئاوارەبوون'ی پێشووتر.

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:**
**عبدلحەق ئەمیری**، سەرۆکی نووسینگە، **amiri@un.org**
ژمارەی مۆبایلی عێراق: +964 (0) 750 312 9201
**دەیڤد سوانسۆن**، بەرپرسی زانیاری گشتی، swanson@un.org
ژمارەی مۆبایلی عێراق: +964 (0) 750-377-0849
بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر@OCHAIraq
بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن:https://iraq.humanitarianresponse.info

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤، گروپە چەککدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و شنگال و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ڕیاز و فەلوجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی کانوونی دووەم ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە ٢،١ ملیۆن ئاوارە هەن لەوەتەی مانگی کانوونی دووەمی ئەم ساڵ.